www.kurdistannet.org
29-8-2006 15:04 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# تەنز .. پانۆراما (19) ... ستیڤان شەمزینانی

## خۆپیشاندان

-پۆلیسە پەپوولە ئاساکانی حکومەت تەقەیان بەهەوداکردو سی خۆپیشاندەر بریندار بوون.
-هەسارەی موشتەری و حیزبە ناحەزەکانی بلۆتۆ دەستیان هەیە لە خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییەی کوردستان.
-لەحکومەتی هەرێمیان پرسی ناخۆشترین رۆژی تەمەنت کەی بوو؟ وتی: رۆژی خۆپیشاندانەکان.
-وەزارەتی ناوخۆ دەهەزار پۆلیسی دامەزراندووە بۆ بەرگرتن لەدزەکردنی کولتوری خۆپیشاندان لەرێی عەولەمەوە.
-بەفەرمانێکی وەزاریی بڕیاردرا گەر لەپەراوێزی کتێبێکی قوتابخانەکانیشدا وشەی خۆپیشاندان هەیە لایبەرن چونکە زرووف ناسکە.
-نوێترین داهێنانی حکومەتی هەرێم بۆ بەرگرتن لە خۆپیشاندان خۆ چاککردن نییە بەڵکو گرتنی خەڵکە گوایە نیەتیان هێناوە سبەینی بچنە خۆپیشاندان.
-جلی پۆلیسی شەغەبە و دژە خۆپیشاندان لەکوردستان کراس و پانتۆڵی ئاساییە و دارەکەی دەستیان ویزەیەو لەجیاتی ئاورشێن گوللەباران دەکەن.

## دیالۆگی پەرلەمانتاران

-ئەری کاك... دیار نیت بێیتە کۆبوونەوەکان؟ +وەڵڵا سی مانگە خەسووم وەفاتی کردووە.
-تا چوار وەرەقەی تر نەخەنە سەرموچەکەم نایەمەوە بۆ پەرلەمان.
-هەقوایە بەنزینخانەیەکی تایبەت بەئەندام پەرلەمانەکان دروست بکرێت.
-بڕواتان هەبی خەیاڵم، لای نهۆمی چوارەمی خانووی سێهەممە بۆیە مێشکم لای کۆبوونەوەکە نییە.
-بازنانی ناو پەرلەمان گوێیان لێی نەبی وا بەنیازم چوارەم ژن بهێنم (شەرع رێی داوە) .
-ئەری ئەوە چییە هەندی منداڵ و دەمڕووت بەخۆپیشاندان ڕووی ئەزموونەکەمان ناشیرین دەکەن؟
-من ناتوانم ڕام هەبێت تا لەمەکتەبی سیاسییەوە تەوجیهم بۆ نەیەت!.
-کوڕە سیانزە ساڵانەکەم دوێنی مۆڵەتی شۆفێریی وەرگرت.
-ئەری کوڕینە بۆ سەیرانێکی خۆش نەکەین بۆ دەوروبەری ئەوروپا؟
-بائێتر لەمەودوا لەساڵێکدا پشووەکەمان بکەینە 364 رۆژ (دوو رۆژ بەسە بۆ کورد) .

## جاش

-دوێنی جاش بوو پێشمەرگەی دەکوشت ئەمرۆ نێرەکەرە و تەقە لەخۆپیشاندەران دەکات.
-دوێنی جاش بوو کوردستانی تاڵان دەکرد ئەمرۆ نێرەکەرە و شوێنەوار ئاودیو دەکات.
- دوێنی جاش بوو ئەنفالی دەکرد ئەمرۆ نێرەکەرە و تەنکەرە بەنزین لوول دەدات.
- دوێنی جاش بوو ماستاوی بۆ ئەمین سرِی شیمالی دەکرد ئەمرۆ نێرەکەرە و پانی دەکاتەوە بۆ سەرۆکی کوتلەی...
- دوێنی جاش بوو شاخی کوردستانی دادەبێژا ئەمرۆ نێرەکەرەو جووتە لەرۆشنبیران دەدات.
- دوێنی جاش بوو شرەخۆریی دەکرد ئەمرۆ نێرەکەرە و ڤێلا هەڵدەستێنێت.

-دوێنی جاش بوو دوێنی بازرگانی بەخوێنەوە دەكرد ئەمرۆ نێرەكەرە و بۆتە كونی موخەدەرات.
- دوێنی جاش بوو دەستی دەرۆیشت ئەمرۆ نێرەكەرە و لەگەڵ دەستیدا قاچیشی دەڕوات.
- دوێنی جاش بوو لەناو خەڵكدا سووك بوو ئەمرۆ نێرەكەرە و لاف لێدەدات.
- دوێنی جاشولكەیەك بوو بەڵام تیۆری پەرەسەندن وایە ئەمرۆ بۆتە نێرەكەر.

## وانەی مێژوو

-ساڵی 670 پێش زایین ئاشوورییەكان شەوی سی كاتژمێر كارەبایان هەبوو.
-ساڵی 1250 پێش زایین لەوڵاتی فیرعەونەكاندا تەنیا لەنیوەشەودا ئاو دەهاتەوە.
-ساڵی 640 زایینی ساسانییەكان هۆی كەمی كارەبایان بۆ زۆربوونی سپلیت گەڕاندەوە.
-ساڵی 570 زایینی رۆمەكان تووشی قەیرانی بەنزین و سووتەمەنی بوون.
-ساڵی 210 كۆچی عەباسییەكان لەبەر بی ئاویی لەهەر ماڵێكدا بیرێكی ئیرتیوازییان لێدا.
-ساڵی 20 كۆچی ڕاشیدینەكان هەستان بەدابەشكردنی بەنزین بەپێی ژمارەی ئۆتۆمبیلەكان.
-ساڵی 1795 ناپلیۆن بڕیاریدا تاسەو چاڵو چۆڵییەكانی شەقامی سەرەكی پاریس چاك بكرێتەوە.
-ساڵی 1640 سەفەوییەكان گرانی كەوتە وڵاتیانەوە و بازاڕ گیرفانی هەڵتەكاندن.
-ساڵی 1870 عوسمانییەكان بۆ هەر ماڵێك شەش تەنەكە نەوتیان بەتەنكەر دابەشكرد.

## پرسە

-دڵگرانین بەكۆچی دوایی دڵسۆزیی و كارامەیی لەهەموو وەزارەت و فەرمانگەكاندا.
-پرسەو سەرەخۆشی خۆمان ڕادەگەیەنین بەبۆنەی كۆچی دوایی هەرزانی خان (خوا سەبووریی هەموو لایەك بدات) .
-ئازادیی ڕادەربڕین كۆچی دوایی كردووە و پرسەكەی لە كوردستانە.
-حكومەتی هەرێمی كوردستان بەنەخۆشییەكی كوشندە لەنەخۆشخانەی خۆپیشاندان كۆچی دوایی كرد (خوا بە بەهەشتی بەرینی شاد بكات) .
-دوایی ململانێیەكی سەخت لەگەڵ نەخۆشیی شێر پەنجە وادەو بەڵێنەكانی هەڵبژاردن كۆچی دوایی كرد و لەگردی سەیوان بەخاك سپێردرا.
-سەرلەبەیانی دوێنی بەهەوڵی وەزارەتی رۆشنبیریی و بەكارەساتێكی دڵتەزێن دوو رۆژنامەی سەربەخۆ گیانیان لەدەستدا.
-ئەم بەیانییە تەرمی پرۆژە ئاوەدانكارییەكانی هەڵەبجە بەخنكاویی لەسەر زێی سیروان دۆزرایەوە، خوالێی خۆشبێت (الفاتحە) .
-مووچەی شەش مانگی كارمەندانی تەلەفزیۆنی هەرێم كۆچی دوایی كردووە و سبەینی یەكەم رۆژی پرسەكەیەتی لە مزگەوتی گەندەڵی.
اناللە واناالیە راجعون.